# رۆڵی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە پرۆسەی ئازادی ئێراق لە نیسانی 2003

محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری



هیچ شتێك نیە تامی ئازادی بدات، هەر ئەمەشە نهێنی خۆبەختکردنی مرۆڤ لەپێناو وەدەستهێنانی ئازادیدا، خۆ (گیان) خۆشەویسترین شتە لای مرۆڤ، بەلاّم ناگاتە بارتەقای ئازادی، بۆیە کە قسە دێتە سەر ئازادی مرۆڤی جوامێر دوا بڕیاری خۆی دەدات، کە ئەویش "یان بە ئازادی ژیان یتاخود بەسەربەرزی مردن"ە. لەسەرووبەندی هەڕەشەو خۆ گیڤکردنەکانی ئەمەریکاو هاوپەیمانانی لە سەدام و رژێمەکەی، ئیتر هەست دەکرا ئەمجارەیان ئەمەریکا بەراستێتی (واتا یارییەکی سیاسی نیە) چونکە ئاگر لەماڵی بەردرابوو، ئەوکات یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەروانگەی هەستکردن بە لێپرسراوێتییەوە، بەرنامەیەکی چڕوپڕی هەمەگیری داڕشت بۆ چۆنێتی مامەڵەکردن لە هەر پێشهاتێکی تازەی وەك رووخاندنی رژێم و ئازادکردنی ناوچە کوردستانیەکانی ژێر چنگی بەعسیەکان.سووربوونی هەڤاڵان هەر لە ئەندامێکی سادەوە تا دەگاتە سکرتێری رێکخراوەکە، لە ئەوجدا بوو، ئەمە لەکاتێکدا لەو سەروبەندە رێکخراوەکە بە دەست بەخۆوەگرتن (تقشف)دا تێدەپەڕی لەرووی ماددییەوە، کۆبوونەوەکان لە بازنەی جیاجیاو لەسەرجەم بارەگاکانی رێکخراوەکە دەستپێکرد.

## دابەشکردنی میحوەرەکان

سرەواندنی یەکەمین گورزی هاوپەیمانان لە رژێم گورو تینی زیاتر پێ بەخشین، بۆیە ئامادەکارییەکان چڕتر کرانەوەو تەنانەت شەوانیش تا درەنگان لە بارەگا دەمانەوە، بۆ هەر حاڵەتێکی لەناکاو، هەڤاڵان دابەشکرانە سەر چەند میحوەرێك لەوانە:

– هەڤاڵ (عیسا ئەحمەد) ئەندامی سکرتاریەت، سەرپەرشتی میحوەری کەرکوك.

– هەڤاڵ (هەژار کاکۆ) ئەندامی سکرتاریەت، سەرپەرشتی میحوەری گەرمیان.

– هەڤاڵ (نەوزاد عەبدوڵلاّ) بەرپرسی لقی دهوك نەینەوا، سەرپەرشتی میحوەری موسڵ.

– هەڤاڵ (مەزهەر عەولا) بەرپرسی لقی هەولێر، سەرپەرشتی میحوەری مەخمور.

وردە وردە ئازادکردنی ناوچەکانی باشووری ئێراق، ئومێدی زیاتر دەکردین، هەڤاڵانی رێکخستنە نهێنییەکانیش پەیتا پەیتا هەواڵی ورە رووخانی رژێمیان پێڕادەگەیاندین و ئەوانیش کارامایانە بە ئەرکی سەرشانیان هەڵدەستان و پابەندی رێنماییەکانی سەروو بوون، تا ئەوکاتەی پەیکەری سەدام رووخێنرا، ئیتر ئاسۆ روونتر بوو، هەڵمەتبردن رووەو ئازادکردنی ناوچە کوردستانیەکان بووە شتێکی حەتمی، ئەو ساتانە ساتگەلێك بوون هەرگیز لەبیر ناکرێن.

## میحوەری کەرکوك

ئەوەی لێرەدا دەمەوێ زیاتر تیشکی بهاوێمە سەر، رۆڵی یەکێتی قوتابیانە لە ئازادکردنی ناوچەکانی کەرکوک و گەرمیان بەوپێیەی خۆم ئەوکات کارگێڕی لقی کەرکوکی رێکخراوەکە بووم. میحوەری کەرکوک لەم هەڤاڵانە پێکهاتن:

- هەڤاڵ (عیسا ئەحمەد) ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، سەرپەرشتیار.
- هەڤاڵ (یاسین صالح حمە) ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەت، ئەندام.
- هەڤاڵ (ئومێد کامل) بەرپرسی لقی کەرکوک، ئەندام.
- هەڤاڵ (مزەفەر هرکی) ئەندامی لیژنەی راپەڕاندن، ئەندام.
- هەڤاڵ (کاوە) بەرپرسی لقی هەڵەبجەی شەهید، ئەندام.

چەند رۆژێك پێش ئازادکردنی کەرکوک و گەرمیان، هەڤاڵان (یاسین صالح، ئومێد کامل، مزەفەر هرکی) کۆبونەوەیەکیان لەگەڵ ژمارەیەمك لە ئەندامانی لقی کەرکوکدا سازکرد لە هۆڵ شەهید مەئمون دەباغ لە بارەگای مەکتەبی سکرتاریەت لە هەولێر، منیش لەو کۆبوونەوەیە بەشدار بووم، بە وردی تاوتوێی ئەرکی سەرشانی هەڤاڵانی کرد بۆ رزگارکردنی ئەو ناوچانە. لە رۆژی ئازادکردنی کەرکوك و گەرمیاندا لە 10ی نیسانی 2003، دابەش بووینە سەر دوو میحوەر، کەرکوك و خانەقین. ئەو هەڤاڵانەی کە بەرەو کەرکوك بەڕێکەوتن پێکهاتبوون لە بەڕێزان: (عیسا ئەحمەد، ئومێد کامل، عیماد عەلی، سەلاح مەحمود، کاروان و کارزان محەمەد سابیر، دیار نادر، بڵند عەبدولهادی، شۆڕش فاتح، شاهۆ، سیڤەر حوسێن).

## سکرتێر لە پێش ئەندامانەوە بوو

بەڵگەی زوو گەیشتنی هەڤاڵانمان بۆ نێو شار، کۆنترۆڵکردنی شوێنی حەوانەوەی ئەفسەرە ئێراقییەکان بوو کە بە (دار ئەلزوبات) ناسرابوو، کە بارەگایەکی زۆر گەورە بوو، ژیانی چەند هەفتەی یەکەمی هەڤاڵانمان لەو شارە هاوشێوەی ژیانی پێشمەرگەکانی شاخ بوو (لەرووی خواردن و خۆشووشتن و شوێنی حەوانەوەو بێ پارەیی)، ئەوەی تێبینی دەکرا هەموان هەر لە هەڤاڵ (موسا ئەحمەد)ی سکرتێرەوە تا ئەندامێکی سادە، بەگیانی هەست بەلێپرسراوی کاریان دەکرد(چ بە بوژانەوەی رێکخستن و کۆبونەوە یەك لەدوای یەکەکان لەگەڵ قوتابیان، یان پاسەوانیکردنی شەوان، یاخود بە خاوێنکردنەوەی بارەگا، ورەو رۆحییەتی نەتەوەیی لە ئەوجدا بوو، لە ماوەیەکی کورتدا پەیوەندییەکی بەتین لەنێوان هەڤاڵان و قوتابیانی شاری کەرکوك دروستبوو. هەروەها ماوەیەکی زۆر لە مۆنتاربۆکەی بەردەم بارەگاوە سروودی نیشتمانی و گۆڕانی رەسەنی کوردی و دروشمی کوردایەتیمان گوێبیستی خەڵکی شار دەداو، بارەگامان ببووە ناوەندێك بۆ دابەشکردنی چەندین بڵاوکراوەی کوردی بەمەبەستی بەهێزکردنی زمان و هەستی نەتەوەیی لای قوتابیانمان. گرنگی رۆڵی ئەم رێکخراوە وایکرد کە لە هاوینی 2003 تیرۆریستان هێرشمان بکەنە سەر بەڵام خۆشبەختانە زیانی گیانی نەبوو. ئەمە گرنگی پێگەی کەرکوك وایخواست کە سکرتاریەت بایەخێکی زیاتری پێ بدات بۆیە نوسینگەیەکی لەو شارەدا کردەوە بەمەبەستی باشتر راپەڕاندنی کارەکان.

## رۆژنامەی کڵپەو رادیۆی گوڵان

یەکەم بلاوکراوەی کوردی کە لەو شارە دەرچوو، رۆژنامەی (کلپە) بوو کە لقەکەمان دەری دەکردو رۆژنامەیەکی رێکخراوەیی بوو بایەخی بە پرسی قوتابیان و شاری کەرکوك دەدا و بەندە سەرنووسەری بوو، کە ژمارە (2)ی بە تیراژی سێ هەزار دانە کەوتە بەردەستی خوێنەرانی تینووی کوردی شارەکەو، باشم لەبیرە کە پەیتا پەیتا بە پەرۆشەوە دەهاتن و داوای رۆژنامەیان لێدەکردین. کە دوای ئەوە دوو ژمارەی تریشمان دەرکرد بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی،

هەروەها رادیۆی گولان کە لەلایەن دەزگای گولانەوە لە شارە پەخشی دەکردو بارەگاکەی لەنێو بارەگا پان و پۆڕەکەی ئێمە بوو، کە لەگەڵ ئازادکردنی شارەکە دەستیان بە کار کرد، لە هاوینی ئەو ساڵە کردیانە دیاری بۆ ئێمە، بۆیە ناوەکەی بووە (رادیۆی گولان دەنگی قوتابیانی کەرکوك) و بەندە بووە بەڕێوەبەری، کە بۆ یەکەمینجار لە شارەکە جگە لە پەخشی رۆژانەی، تا درەنگی شەوانیش بەرنامەی بەپێز پێشکەش دەکرا، بۆیە لەماوەیەکی کورتدا چووە نێو دڵی خەڵکی کەرکوك بەگشتی و قوتابیان بەتایبەتی.

## خانەقین و ( مجاهدین خلق )

ئەو هەڤالانەی کە بەرەو خانەقین بەڕێکەوتن لەم هەڤالانە پێکهاتن:

- هەڤاڵ (محەمەد عەبدوڵڵا) کارگێڕی لقی کەرکوك.
- هەڤاڵ (سەفین غازی) کارگێڕی لقی کەرکوك.
- هەڤاڵ (ئەزمەڕ خەلیل) ئەندام.

لە رۆژی یەکەمی رزگاربوونی ناوچەکانی گەرمیان، درەنگ گەیشتین کە شەومان بەسەردا هات، بۆیە لە بەیانی رۆژی داهاتوو بە شارۆچکەی خانەقین شادبووینەوەو دەرحاز هەوڵی دابینکردنی بارەگایەکمان دا، ئەوەبوو لەناو چەقی شاردا هوتێلێکی چۆڵکراو هەبوو، بەباشمانزانی بەشێوەیەکی کاتی بچینە ناوی تا کارەکانمان دەکەوێتە سەرپێ، پەیوەندیمان بە هەڤالانی رێکخستنی نهێنی کرد، دواتر بەهەمان شێوە شارۆچکەکانی (جەلەولاو قزرابات) مان بەسەرکردەوە. بەلام لە رۆژی $4/11$ لەو کاتەی لە خانەقینەوە بەرەو جەلەولا دەڕۆیشتین، کە ئالایەکی گەورەی کوردستانیشمان لەسەر ئۆتۆمبێلەکەمان هەڵکردبوو، بێئاگایانە تووشی هێزێکی چەکداری گەورەی (مجاهدین خلق) هاتین لەسەر رێگە، کە پێگەیان لەو ناوچەیە بوو، پێشتر پێیانڕاگەیاندبووین کە هێزیان لە ناوچەکە لێنەماوە و خەڵك تالانی کردوون، بەلام بەسەلامەتی دەرباز بووین بێئەوەی رێگەمان بگرن. هەمان حاڵەتیشمان بەسەرهات کاتێك هەفتەی دواتر لەگەڵ شاندێکی مەکتەبی سکرتاریەت گەڕاینەوە ناوچەکە، ئەمجارەشیان بێ زیان بووین، هەرچەندە ئۆتۆمبێلی پێش ئێمە زیانی لێکەوت.

زۆرم ماوە بیڵێم، بوار نیە بۆ خستنەڕووی، بەلام خوا یاربێ ئەو بیرۆکەیەی کە سێ ساڵ زیاترە لە هزرمدایە هەوڵدەدەم جێبەجێی بکەم ئەویش ئامادەکردنیناميلکەیەکە لەبارەی ناوەڕۆکی ئەم بابەتە، بۆئەوەی نەوەکانی داهاتوو لە کارامەیی و نەتەوەخوازی ئەوانی پێش خۆیان ئاگاداربن، جارێکیتر بسەلمێتەوە کە ئامادەنین سازش لەسەر بستێکی خاکەکەمان بکەین.

Kalary79@yahoo.com
هەولێر